# عەبای خوێناویی ستەمکاران[١]

سلاڤۆی ژیژەك

و: وەلید عومەر

حەکایەتێکی کۆن هەیە دەربارەی کرێکارێک کە گومانی دزیی لێدەکرا: هەموو ئێوارەیەك کە کارگەکەی جێدەهێشت، ئەو عەرەبانە دەستییەیان بەوردی دەپشکنی کە دەیدایە پێش خۆی. پاسەوانەکان نەیاندەتوانی هیچ شتێکی پێوە بگرن؛ عەرەبانەکە هەمیشە بەتاڵ بوو. سەرەنجام دەردەکەوێت ئەوەی کرێکارەکە دزیویەتی، خودی عەرەبانە دەستییەکان بووە...

ئەم تێڕامانە ورد و گەورانەی کە دەربارەی توندوتیژی دەیخوێنیتەوە، گەر ناوەڕۆکێکی[٢] یەکگرتوو و یەکانگیریان هەبێت، ئەوەیە کە پارادۆکسێکی هاوشێوە[ـی حەکایەتەکەش] دەربارەی توندوتیژی هەیە. لە پێشەوەی زەینی ئێمەدا، کردەوە تاوانکاری و تیرۆریستییەکان، پشێوییە مەدەنییەکان و ململانێ نێودەوڵەتییەکان نیشانە ئاشکرا و دیارەکانی توندوتیژین. بەڵام دەبێت فێربین هەنگاوێک بچینە دواوە و خۆمان لە فریوی ئەفسوناویی ئەم توندوتیژییە

---

١. ئەمە پێشەکیی کتێبی (violence-توندوتیژی)ـی ژیژەکە. ئەم پێشەکییە و بەشی یەکەمی کتێبەکە بەر لە دوو ساڵ و لە گۆڤاری ڕۆشنگەری بڵاوبووەوە. ئەمەی ئێرە ئیدیت و پیاچوونەوەی پێشەکییەکەیە و پاش بەراوردی هەردوو دەقە فارسی و ئینگلیزییەکە دیسان بڵاومانکردەوە-و

2. thesis

«سوبێکتیف»ـە بینراوە ڕزگاربکەین- ئەو توندوتیژییەی کە لەلایەن بکەر و بریکارێکی دیار و ناسراوەوە جێبەجێدەکرێت. پێویستە چوارچێوە و

سەروخواری ئەو باگراوەندە بناسین کە ئەم لێشاوە توندوتیژییە بەرهەمدێنێت. هەنگاوێک چوونەدواوە، توانامان پێدەبەخشێت ئەو توندوتیژییە بناسینەوە کە ڕاگری ئەو هەولانەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پەرەپێدانی تۆلێرانس و پێکەوەهەڵکردن دەیدەین.
پێدەچێت خاڵی دەسپێک و تەنانەت بنەمای بەڵگەنەویستی[3] ئەم کتێبەش هەر ئەمە بێت: توندوتیژیی سوبێکتیف [و بینراو]، زەقترین گۆشەی ئەو سێگۆشەیەیە کە دوو گۆشە نادیارەکەی تری بریتیین لە هەردوو جۆرەکەی توندوتیژیی ئۆبێکتیف[نەبینراو]. یەکەمیان، توندوتیژیی «ڕەمزی»مان هەیە کە لە زمان و فۆرمەکانیدا(هەر ئەو شتەی کە هایدگەر پێی‌دەڵێت «ماڵی بوونمان») بەرجەستە بووە-، وەک دواتریش دەیبینین ئەم توندوتیژییە تەنیا لە حاڵەتە بەرچاو و زۆر لێکۆڵراوەکان و پەیوەندییەکانی هەیمەنەی کۆمەلایەتیدا بوونیان نیە کە لە کەوڵی گوفتارە عادەتییەکانماندا[4] بەرهەمدێنەوە: فۆرمێکی بنەڕەتییتری توندوتیژی هەیە کە دیسان دەگەڕێتەوە بۆ زمان وەك ئەوەی هەیە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی جیهانێکی دیاریکراوی مانا لە لایەن زمانەوە. دووەم، توندوتیژییەکی تر هەیە کە من ناوی‌دەنێم «سیستەمی»: ئەمەش ئەو پاشهات و دەرەنجامە کارەساتبارانەیە کە ڕۆڵ و فرمانی بێ‌گرێ‌وگۆڵی سیستەمە ئابوری و سیاسییەکانمان درووستدەکات.
گرێی شتەکە لێرەدایە کە ناتوانین لە هەمان گۆشەنیگاوە لە توندوتیژیی سوبێکتیف و ئۆبێکتیف(بینراو و نەبینراو) تێبگەین، توندوتیژیی سوبێکتیف بە مانای تەواوی وشەکە، لە بەرامبەر باگراوەندی پلەی سفری ناتوندوتیژیدا

---

3 . axiom
4 . habitual

ئەزموونده‌کرێت. توندوتیژیی سوبێکتیف وەك تێکچوونی دۆخی «ئاسایی» و ئارامی شتەکان سەیردەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، توندوتیژیی ئۆبێکتیف بەتەواوی توندوتیژییەکی زاتی و جەوهەرییە بۆ ئەم دۆخە ئاساییەی شتەکان. توندوتیژیی ئۆبێکتیف نادیار و نەبینراوە، چونکە ڕاگری ئەو پێوەری پلەی سفرەیە کە بەهۆیەوە، توندوتیژی سوبێکتیڤانە و بینراو دەناسینەوە. بۆیە توندوتیژیی "سیستەمی"، هاوشێوەی «مادە ڕەش»[5]ـە بەناوبانگەکەیە لە فیزیادا: واتە جەمسەری تەواو پێچەوانەی توندوتیژیی سوبێکتیف. ڕەنگە توندوتیژیی "سیستەمی"، نەبینراو بێت، بەڵام بۆ تێگەیشتن لەوەی وەك تەقینەوە و هەڵقولانی "ناعەقڵانی"ـی توندوتیژیی سوبێکتیف دەردەکەوێت، دەبێت لەبەرچاوی بگرین.

کاتێک میدیاکان بەو «قەیرانە مرۆییانە» بۆردوومانمان دەکەن کە گوایا بەردەوام لە سەرتاپای جیهاندا سەرهەڵدەدەن، پێویستە هەمیشە ئەوەمان لەبیربێت کە هەر قەیرانێکی تایبەت تەنیا لە ئەنجامی هەوڵ و زەحمەتێکی ئاڵۆزدا دەکەوێتە بەر چاوی میدیاکان. لێرەدا بەتەواوی ڕۆڵی چاودێرییە مرۆڤدۆستییەکان کەمبایەخترە لە چاودێرییە کەلتوری و ئایدۆلۆژی‌سیاسی و ئابورییەکان. بۆنمونە، سەردێڕی سەرەکیی بەرواری "٥"ـی حوزەیرانی "٢٠٠٦"ـی گۆڤاری *تایم* ئەمە بوو: «خوێناویترین جەنگ لە جیهاندا». ئەم بابەتە ڕاپۆرتێکی دۆکیۆمێنتاری و درێژ بوو دەربارەی چۆنیەتیی گیانلەدەستدانی نزیکەی ٤ ملیۆن مرۆڤ لە کۆماری دیموکراتیی کۆنگۆ، کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا و لەئەنجامی توندوتیژیی سیاسییەوە کوژرابوون. پاش چاپکردنی ئەم بابەتە، هیچ هەرا و هەڵایەکی مرۆڤدۆستانەی باو درووستنەبوو و تەنیا چەند نامەیەکی نوسەران بڵاوکرانەوە- وەک بڵێی جۆرێک لە میکانیزمی سانسۆر ببووە ڕێگر کە ئەم هەواڵە کاریگەریی تەواوی خۆی لە فەزای [کۆمەڵایەتی] و ڕەمزیماندا جێبهێڵێت. گەر ڕەشبین بین، ئەوا پێویستە بڵێین گۆڤاری *تایم* لە

---

[5]. dark matter

هەوڵوتێکۆشانیدا بۆ خستنەڕووی باڵاترین ئازارچەشتنی ئینسانەکان، قوربانییەکی هەڵە و نادرووستی هەڵبژاردبوو! ئەم گۆڤارە دەبوو دوای پێڕستی [ئەو کێشانە] بکەوتایە کە هەمیشە چاوەڕواندەکرێت: ژنانی مسوڵمان و چەرمەسەرییەکانیان، یان خێزانی قوربانییانی ١١ـی سێپتەمبەر و ئەوەی کە چۆنچۆنی لەگەڵ مردنی ئازیزەکانیاندا ڕاهاتوون. ئەمڕۆ بەفیعلی بارودۆخی کۆنگۆ بە وتەی کۆنڕاد لە شێوەی «دڵی تاریکی»دا سەریهەڵداوەتەوە. هیچ کەسێک ناوێرێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. مردنی مناڵێکی فەلەستینیی دانیشتووی کەناری ڕۆژئاوا، یان بەدڵنیاییەوە مەرگی ئیسرائیلییەک یان ئەمریکییەک هەزاران جار بەهای زیاترە لە مردنی کەسێکی گومناو و بێناونیشانی کۆنگۆ.

ئایا بۆ ئەوەی بسەلمێنین هەستی خێرا و دەمودەستیی مرۆڤدۆستی لەلایەن چاودێرییە سیاسییەکانەوە هەموار و تەواو دەستنیشاندەکرێت، پێویستمان بە بەڵگە و بورهانی زیاتر دەبێت؟ هەر بەڕاستی ئەم چاودێری و شیکردنەوە سیاسییانە چین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت هەنگاوێک بچینە دواوە و لە پێگە و ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری کێشەکە بکەین. کاتێک میدیاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان خەڵکی ولاتانی تریان سەرزەنشتدەکرد کە بۆچی هاوخەمیی پێویست پیشاننادەن بەرامبەر بە قوربانییانی ١١ـی سێپتەمبەر، ئیدی ئەو ڕاڕایی و وەسوەسەیە دەکەوتە ناو مرۆڤەوە کە هەمان وەڵامی "ڕۆبسپێر"یان بداتەوە، وەڵام بەوانەی کە گلەیی و گازندەیان هەبوو دەرهەق بە قوربانیبوونی خەڵکی بێگوناهی سەردەمی تیرۆر و تۆقانی شۆڕش[ـی فەڕەنسا]: «دەست لە ڕاوەشاندنی عەبای خوێناویی ستەمکاران هەڵگرن لە ڕووی مندا، ئەگینا قەناعەت بەوە دێنم دەتانەوێت کۆتوزنجیر بکەنە پێی وڵاتەکە»[٦]، [٧].

---

[6]. Maximilien Robespierre, Virtue and Terrorm (London: versom 2007)p. 47.

[٧]. مەبەستی ڕۆبسپێر لەوەیە کە گەر تەنیا ئەم توندوتیژییە سوبێکتیڤ و بینراوەی ئێمە ببینن، ئەوا چاوتان لەو توندوتیژییە شاراوە و نەبینراوە پۆشیوە کە توندوتیژییەکەی بەرهەم هێناوە و بەشێوەیەکی سیستەماتیکییش بەرهەمی دێنێتەوە-و

ئەم کتێبەی بەردەستتان، لە جیاتیی ڕوو بە ڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ توندوتیژیدا، شەش قنگ‌چاو[8]ـی خێرای پیا دەخشێنێت. هۆکاری خۆی هەیە کە نیگایەکی خێچ و ژێرەوانکێ بە کێشەی توندوتیژیدا دەخشێنین. گریمانەی بنچینەیی من ئەوەیە کە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ توندوتیژیدا خۆی بۆ خۆی تەمومژ و لوغز درووستدەکات: دەربڕینی تووڕەیی زۆر دژی کردەوە توندوتیژەکان و هاوخەمی لەگەڵ قوربانییەکاندا، بەردەوام و بێ‌چەندوچوون وەکو لەخشتەچوون و لەهۆشچوونێك ڕێ لە بیرکردنەوەمان دەگرێت. بۆ ئەوەی بتوانین خوێنساردانە و بێلایەنانە دەست بۆ فراوانکردنی تیۆریی چەشنناسیی[9] توندوتیژی ببەین، ئەوا دەبێت بە پێی پێناسەکە، چاو لە کاریگەرییە تراوماییەکەی (شۆکە دەروونییەکەی) بپۆشین. بەڵام بە مانایەک، شیکردنەوەی خوێنساردانەی توندوتیژی، بە جۆرێک تووڕەیی دەرهەق بە توندوتیژی بەرهەمدێنێتەوە و بەشداریی تیادەکات. بەدەر لەمە، دەبێت «فاکت و واقیع»[10] لە «حەقیقەت و ڕاستگۆبوون» جیا بکەینەوە: ئەوەی دەبێتە مایەی ڕاستبوون و ڕاست‌دەرچوونی ڕاپۆرتی ژنێکی لاقەکراو(یان هەر چیرۆکێکی تری شۆك و تراومای دەروونی)، بریتییە لە نادڵنیایی ئەو ژنە لە دەربڕینی ڕاستییەکان و بە یەکداچوونیان و تێکەڵوپێکەڵییان[ڕاستیی ڕووداوێک، پێویستی بە بڕێک پشێوی و تێکەڵوپێکەڵی هەیە لە گێڕانەوەکەیدا]. گەر قوربانییەکە بیتوانیایە ڕاپۆرتێکی ڕوونوڕەوان سەبارەت بە ئەزموونە ناخۆش و سوکایەتیئامێزەکەی بداتە دەستەوە و هەموو زانیارییەکان بەشێوەیەکی لۆژیکی و یەکانگیر چنرابێت، ئەوا ئێمەی دەرهەق بە حەقیقەتی ڕووداوەکە دەخستە گومانەوە. لێرەدا کێشەکە خۆی بەشێکە لە چارەسەرەکە: خودی ئەو خەلەل و کەموکورتییانەی لە دەربڕینی ڕاستییەکاندا لە ڕاپۆرتی کەسە توشبووەکەدا هەیە دەربارەی ئەزمونەکەی، بەڵگەی ڕاستبوونی ڕاپۆرتەکەیەتی، چونکە ئەم

---

8 . sideway glance
9. typology
10. factual

کەموکورتییانە نیشانەی ئەوەن کە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە و شێوازی گێڕانەوەکەی، ئەوەی «تێک و پێکداوە». بە دڵنیاییەوە، هەمان وتە سەبارەت بە بێمتمانەیی ڕاپۆرتە زارەکییەکانی پاشماوەکانی هۆڵۆکۆستیش هەر ڕاستە. گەر شایەتێک بتوانێت بە ڕوونی ئەزموونەکانی لە کەمپ و ئۆردوگادا بگێڕێتەوە، هەر بە هۆی ئەم "ڕوونبوون"ـەوە، گێڕانەوەی شایەتەکە متمانەی خۆی لەدەست دەدات[١١]. ئیدی وا دێتە بەر چاو تاکە تێڕوانینی درووست بۆ هەر بابەتێک کە بمانەوێت لێی بکۆڵینەوە، ئەو تێڕوانینەیە کە بوار بدات بە هۆی ڕێزگرتنی قوربانییەکانی توندوتیژییەوە، مەودامان لەگەڵ جۆرەکانی توندوتیژیدا بپارێزین[ڕێزگرتنی ڕاستەقینەی قوربانییەکان ئەوەیە تاکو دوای لێکۆڵینەوەکە لێیان دوور بکەوینەوە].

وادیارە دەبێت قسە بەناوبانگەکەی ئەدۆرنۆ ڕاستبکەینەوە: ئەوەی پاش ئاوشڤیتز (هۆڵۆکۆست) مەحاڵ و کاری نەکردەیە، پەخشانە نەک شیعر[١٢]. پەخشانی ڕیالیستی و واقیعبینانە شکستدەخوات، لە کاتێکدا هێنانەوە و بەرجەستەکردنی شاعیرانەی فەزا تەحەمولنەکراوەکەی ئۆردوگا سەردەکەوێت. بە دەربڕینێکی تر، کاتێک ئەدۆرنۆ لە دوای ئاوشڤیتز، شیعر بە مەحاڵ (یان بەربەییانە) دادەنێت، ئەم مەحاڵبوونە جۆرە مەحاڵبوونێکی توانابەخشە [بۆ شیعر]: شیعر وەک ئەوەی دیارە، هەمیشە «دەربارەی» شتێکە کە ناتوانرێت ڕاستەوخۆ دەستی بدەیتێ و تەنیا دەبێت بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ئاماژەدار[١٣] قسەی لەبارەوە بکەیت. نابێت لەوە بترسین کە ئەم بابەتە هەنگاوێک ببەینە پێشەوە و ئاماژە بەم وتە کلاسیکییە بدەین: مۆسیقا ئەوکاتە دێتە ناوەوە، کە وشەکان شکستخواردوو و دەستەوەساو بمێننەوە[ئەوەی بە وشە ناوترێت، مۆسیقا هەوڵدەدات بیڵێت]. ئەگەری زۆرە

---

[11]. Primo levi, *The Periodic Table*(New York: Schockenm 1984.[...].

[12] . Theodor W.adorno, "Cultural Criticism and society" in Neil Levi and Michail Rothberg(eds.), The holocaust: Theoritical Readings, (New Brunswick: Rutgers University Press, 2003), p. 281.

- ئەدۆرنۆ لێرەدا دەڵێت: «شیعروتن لەدوای ئاوشڤیتزەوە، دڕندانەیە و دوورە لە کەلتور و شارستانیەتەوە».

[13]. alluded

ئەو قسە حیکمەتئامێزە باوە بەشی خۆی ڕاستیی تیا بێت کە دەڵێت: مۆسیقای شۆنبێرگ وەکو جۆرێک لە پێشئاگایی مێژوویی، بەر لەوەی ئاوشڤیتز ڕوویدات، دڵەخورپێ و کابوسەکانی ئەم ئۆردوگایەی دەربڕیوە.

ئانا ئەخماتوف لە بیرەوەرییەکانیدا باس لەوە دەکات کە لە لوتکەی پاکسازییە ستالینییەکاندا، کاتێك لە ڕیزێکی درێژ و لە بەرامبەر زیندانی لینینگرادەدا چاوەڕوان بووە تاکو هەواڵی کوڕە گیراوەکەی بزانێت، لەوێدا چیی هاتۆتەپێش:

**ڕۆژێک کەسێک لەو قەرەباڵغییەدا منی ناسییەوە. ژنێکی گەنج لەپشتمەوە بوو کە لێوی لەسەرمادا شینهەڵگەڕابوو و وەکو "ناو" منی نەدەناسییەوە. دوای بیستنی ناوی من، لەو خەواڵوییە مەرگاوییە دەرچوو کە باڵی بەسەر هەموومناندا کێشابوو و بە چپەوە پرسی (دیارە لەوێ هەمووی هەر بە چپە قسەی دەکرد): «دەتوانیت وەسفێکی ئەم دۆخە بکەیت؟». منیش وتم«بەڵێ دەتوانم». لێرەدا بوو کە بزەیەکی کورت و ڕاگوزەر کەوتە سەر ڕووخساری، ئەو ڕوخسارەی کە لە ڕووخساری بەشەر دەرچووبوو[١٤].**

هەڵبەت پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە کە لێرەدا مەبەست لە "وەسف" چ وەسفێکە؟ بێگومان مەبەست لە وەسفکردنێکی واقیعیانەی دۆخەکە نەبووە، بەڵکو ئەو شتە بووە کە "والاس ستیڤنز"[ـی شاعیر] ناویدەنێت «وەسفکردنی بێشوێن یان بەبێ شوێن»[١٥] و تایبەتە بە هونەر و [ئەدەب]. لە وەسفێکی وەهادا، ناوەڕۆکی وەسفەکە لە شوێنوکاتی مێژوویی خۆیدا ڕووناکرێتەوە، بەڵکو وەک باگراوەندی دیاردەیەک کە دەمانەوێت وەسفیبکەین، ئەو شوێنە (مەجازی)ـە تایبەتە دەخولقێنێت کە نیەتی،

---

[14]. Elaine Feinstien, *Anna of all the Russians*(New York: Knopf, 2005), p.170.

[15] . "description without place"

ئەویش بە جۆرێک ئەو شتەی تیایدا دەردەکەوێت ڕواڵەتێك نیە کە لەلایەن قوڵایی واقیعەکەی پشتیەوە ڕاگیرابێت، بەڵکو ڕواڵەت و دەرکەوتەیەکی لە*سیاق*هەڵکەنراوە، ڕواڵەت و دەرکەوتەیەك کە بەتەواوی لەگەڵ واقیعە ڕاستەقینەکەدا جووتدەبێت و وێکدێتەوە. بە وتەی ستیڤنز، «ئەوەی دەردەکەوێت هەر ئەوەیە و شتەکانیش هەر ئەوەن کە دەردەکەون». ئەم وەسفە هونەرییە «ئاماژە نیە بۆ شتێک کە کەوتبێتە دەرەوەی فۆرمی شتە وەسفکراوەکەوە»[16]، بەڵکو بەو جۆرەی کە شۆنبێرگ فۆرمی ناوەکیی تیرۆری تۆتالیتاریی «دەرکێشایە دەرەوە»، ئەمیش فۆرمی ناوەکیی تایبەتیی خۆی لە واقیعە ئاڵۆز و شێواوەکەی خۆیەوە دەردەکێشێت. شۆنبێرگ ئەوەی پیشاندایین کە ئەم تیرۆرە چۆنچۆنی کاریگەری دەخاتە سەر سوبێکتیڤیتە[ی مرۆڤ].

ئایا ئەم پەنابردنە بۆ وەسفی هونەری، بە شێوەیەکی ناوەکی و شاراوە نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە لەبەردەم مەترسیی پاشەکشێداین بۆ دۆخ و دیدێکی قووڵبوونەوە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو لایەکەوە زەرووڕەتی خێرای «دەستدانە کار» سەبارەت بە ترسە وەسفکراوەکان دەداتە دەستەوە؟

وەرن بیر لە هەستی دەمودەست و درۆیینەی گوتاری مرۆڤدۆستانەی لیبراڵە چەپەکان بکەینەوە دەربارەی توندوتیژی، کە پڕن لەو شتانە: لەم گوتارەدا، ئەبستراکتبوون و کۆنکریتبوونی (ساختە) و ئاشکرا بۆ نمایشکردنی هەستی توندوتیژی(دژی ژنان، ڕەشپێستەکان، ئاوارە و بێلانە و ماڵەکان، هاوڕەگەزبازان...)دەچنە پاڵ یەکتری. ئەمانە دوو نموونەن لەوە: «لەم ولاتەدا هەر شەش خولەک و ژنێک ڕووبەڕووی ئەتك و لاقەکردن دەبێتەوە» و «لەم چرکەساتەشدا کە ئێوە ئەم پەرەگرافە دەخوێننەوە، وا دە منال لە برساندا دەمرن». جۆرە هەستێکی ڕیاکارانەی هەڵچوونی ئەخلاقی، هێڵی سەرەکیی هەموو ئەمانە پێکدێنێت. فرۆشگای زنجیرەیی "ستارباکس" چەند ساڵێک لەمەو پێش ڕێک هەمان دەمودەستیی "مرۆڤدۆستانە"ـی درۆیینەی

16 . Alain badiou, "Drwaing", *lacanian ink 28*(Autumn 2006), p.45.

بەکارهێنا. لەو کاتەدا بە سەر دەرگای چوونە ژوورەوەی ئەم فرۆشگایەوە هەندێک پۆستەر داکوترابوون کە لەگەڵ بەخێرهێنانی کڕیارەکاندا، ئاماژەشیان بەوە کردبوو بەشێک لە قازانجی ئەم فرۆشگایانە بۆ چاودێریی تەندرووستیی منالانی گواتیمالا خەرجدەکرێت، واتە ئەو وڵاتەی کە ئەو قاوەیەی بەرهەم دەهێنا کە لەو فرۆشگایانەدا دەفرۆشران. ئەم ڕیکلامە ئەوەی بە زەیندا دەهێنایین: بە خواردنەوەی کوپێك قاوە، گیانی منالێک لە مردن ڕزگار دەکەن!

ئەم جۆرە بەزەیندا‌هێنانە دەمودەستە، لە بنەڕەتەوە تۆنێکی دژەتیۆریی هەیە. هیچ دەرفەتێک بۆ تێڕامان بوونی نیە: ***دەبێت هەر ئێستا دەست‌بەکار بین***! لە ڕێگەی ئەم هەستە دەمودەستە درۆیینەوە، ساماندارە پۆست‌پیشەسازییەکان کە لە دونیا دابڕاوە مەجازییەکەی خۆیاندا دەژین، نەک تەنیا نکۆڵی لە واقیعی توندوتیژ و ناخۆشی دەرەوەی خۆیان ناکەن بەڵکو چالاکانە ئاماژەی بۆ دەکەن و پەنجەی بۆ ڕادەکێشن. وەک ئەوەی بیل گیتس بەو زووانە وتویەتی «کۆمپیوتەرەکان چ بایەخێکیان هەیە، کە هێشتا ملیۆنان کەس لە خۆڕا بە سکچوونی خوێناوی دەمرن؟».

ڕەنگە بمانەوێت نامە سەرسوڕهێنەکەی مارکس بۆ ئەنگڵس کە لە ١٨٧٠دا نوسیویەتی، وەک خاڵی پێچەوانەی ئەم دەمودەستییە ساختە و درۆیینەیە سەیربکەین. لەو کاتەدا و بۆ ماوەیەکی کورت وا دەهاتە بەر چاو کە جارێکی تر شۆڕش گەیشتۆتە پشت دەروازەکانی ئەوروپا. نامەکەی مارکس دەرخەری ترسی تەواوەتیی ئەوە: ئایا شۆڕشگێڕەکان نەیاندەتوانی چەند ساڵێک دان بە خۆیاندا بگرن؟ ئەو هێشتا لە نوسینی ***سەرمایە*** نەببووەوە.

شیکار و تەفسیری ڕەخنەیی دۆخ و مەنزوومەکەی ئێستای جیهان-کە هیچ ڕێگاچارەیەکی ڕوون و هیچ جۆرە ڕێنماییەکی "پراکتیکی" نادات بە دەستەوە سەبارەت بەوەی کە چ بکەین و هیچ تروسکاییەکیش لەو سەری تونێلەکەوە نابینرێت و ئەگەریش هەبێت ئەوا باش دەزانین کە دەشێت ڕووناکیی لایتەکانی شەمەندەفەرێک بێت کە دەمانکاتە ژێرەوە- زۆرجار ڕووبەڕووی

سەرزەنشت دەبینەوە: «ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە دەبێت هیچ کارێک نەکەین؟ هەروا دانیشین و چاوەڕوان بین؟». لێرەدایە کە پێویستە هەموو بوێریی خۆمان کۆبکەینەوە و لە وەڵامدا بڵێین: «بەڵێ دەبێت ڕێک وا بکەین». هەندێک بارودۆخ هەن کە تاکە هەنگاوی ڕاستەقینە و "پراکتیکی" ئەوەیە کە تووشی هەڵوێستی دەمودەست و خێرا نەبین و بە پشت بەستن بە شیکاری ڕەخنەیی و ئارامگرانە «لە چاوەڕوانیدا دابنیشین و بزانین چی دێتە پێشێ». دیارە لە هەموو لایەکەوە کەوتووینەتە ژێر فشارەوە بۆ ئەوەی تووش ببین. سارتەر لە پارچەیەکی بەناوبانگی کتێبی *بوونگەرایی و مرۆگەرایی*دا دۆخی گەنجێک دەگێڕێتەوە کە لە فەرەنسادا و لە ساڵی ١٩٤٢دا لە دووڕیانێکدا دوودڵ مابووەوە: ئایا دەبێت یارمەتیی دایکە تەنیا و نەخۆشەکەی بدات یان بڕواتە ناو بزووتنەوەی بەرگریی وڵاتەوە و لەگەڵ ئەڵمانییەکاندا شەڕ بکات؟ دیارە وەڵامی سارتەر ئەوەیە کە بۆ ئەم مەتەڵە هیچ جۆرە وەڵامێکی پێش‌ئەزموونی و هیچ گریمانەیەکی بونیادی بوونی نیە. دەبێت ئەو گەنجە تەنیا بە هۆی ئازادیی قووڵ و ناکۆتای خۆیەوە بڕیاربدات و بەرپرسیارێتییەکەشی بەتەواوی بگرێتە ئەستۆ[17]. سێیەمین ڕێگای دەرچوون لەو بنبەستە ڕێگەیەکی قێزەونە و بریتییە لەوەی کە ڕێنمایی گەنجەکە بکەین بەوەی لای دایکی بڵێت دەڕۆم بۆ ناو بزووتنەوەی بەرگری و لای هاوڕێکانی بزووتنەوەی بەرگرییش بڵێت دەمەوێت یارمەتیی دایکم بدەم، بەڵام [هیچیان نەکات] و بخزێتە کونجێکی تەنیا و تەریکەوە و بخوێنێتەوە...

ئەم ڕێنماییە شتێکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، کە لە گاڵتەجاڕییەکی سووك و ترۆهات زیاترە. ڕێنماییەکەی سەرەوە دەمانخاتە بیری یەکێک لە نوکتە بەناوبانگەکان کە لە سۆڤیەتدا دربارەی لینین دەوترا. لە سەردەمانی سۆسیالیزمدا، ڕێنمایی لینین بۆ ئەو گەنجانەی کە لەویان دەپرسی چی بکەین، ئەمە بوو «فێربن، فێربن، فێربن». ئەم ڕێنماییە هەمیشە لە بەر

[17]. Jean paul Sartre, *Existentialism and Humanism*, (London, Methuen, 1974)

چاوی هەمووواندا بوو و بە سەر دار و دیواری قوتابخانەکانەوە نەخشیبەستبوو. نوکتەکە بەم جۆرەیە: لە مارکس و ئەنگڵس و لینین دەپرسن کە ئایا هاوسەرێک بۆ خۆیان هەڵبژێرن باشترە یان مەعشوقەیەک. مارکس، کە لە شتە شەخسییەکاندا تا ڕادەیەک کۆنەپارێز بوو، دەڵێت «هاوسەر». بەڵام ئەنگڵس کە لەو خۆشگوزەرانتر بوو، مەعشوقە هەڵدەبژێرێت. کەچی لەوپەڕی سەرسوڕماندا، لینین دەڵێت «هەردووکیان». بۆچی؟ ئایا لە پشتی وێنەی وشکی شۆڕشگێڕانەی ئەووەوە، ڕیشەیەکی خۆشگوزەرانیی نزم و بۆگەن خۆی حەشارداوە؟ نەخێر. ئەو ڕوونی دەکاتەوە کە: «چونکە بەم جۆرە دەتوانم بە هاوسەرەکەم بڵێم  دەڕۆم بۆ لای مەعشوقەکەم و لای مەعشوقەکەشم بڵێم دەڕۆم بۆ لای هاوسەرەکەم...»، «ئەی دواتر چی دەکەیت؟»: «گۆشەیەکی چۆڵ دەدۆزمەوە و خۆم فێردەکەم و فێردەکەم و فێردەکەم!».

ئایا ئەمە هەمان ئەو کارە نیە کە لینین پاش کارەساتی ١٩١٤ کردی؟ لە سویسرا چووە گۆشەیەکی تەنیا و تەریکەوە و لەوێ بە خوێندنەوەی لۆژیکی هیگڵ «فێربوو و فێربو و فێربوو». ئەمڕۆ ئێمەش کاتێک خۆمان لە ژێر ڕێژنەی ئەو وێنانەدا دەبینینەوە کە میدیاکان دەربارەی دیمەنە توندوتیژەکان دەیخەنە ڕوو، دەبێت هەمان کار ئەنجام بدەین. دەبێت «فێر بین و فێر بین و فێر بین» کە هۆکارەکانی ئەم توندوتیژییانە چین.